المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 68-86

# دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفێمی هەڵگواستن لە زمانی کوردییدا

پشتیوان عثمان محمدشریف[1]، سازان ظاهر سعيد[2]

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرمو، سلێمانی، عێراق
[2] بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: pshtewan.osman@chu.edu.iq[1], sazan.mohammad@univsul.edu.iq[2]

**پوختە:**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفێمی هەڵگواستن لە زمانی کوردییدا)، هەوڵدانە بۆ خستنەڕوو و دیاریکردنی دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفێمەکانی هەڵگواستن پەیوەست بە زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسییو سیمانتکیی)یەوە، کە بە نادیاریی لە ناواخنی هەر مۆرفێمێکدا هەڵگیراون. بەوەش تەواوی ئەو زانیارییانە دەبنە هۆکاری ناسینەوەی کەسێتیی مۆرفێمەکانو نیشاندانی جیاوازیی نێوانیان. هاوکات ئاخێوەری زمان پشتبەست بە هەموو ئەو زانیارییانە، دروستەی مۆرفۆلۆژیی هەڵگوێزراوی تەواو بێکەموکوڕیی بەرهەمدەهێنێت. ئامانجی توێژینەوەکە، سەلماندنی ئەو بۆچوونەیە، کە وا گریمانەدەکات، لاگرەکان پەیکاڵی وشەو لێکسیمەکان، وەک کەرەستەی فەرهەنگیی هەڵسوکەوتدەکەن، بەوەش هەڵگرتنیان لەناو فەرهەنگدا پێشبینییکراو دەبێت، ئەوەش دەیانکاتە خاوەنی دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بە خۆیان.

**کلیلە وشە:** فەرهەنگیی ئاوەزیی، دەروازەی فەرهەنگیی، دروستەی مۆرفۆلۆژیی، مۆرفێمی هەڵگواستن.

**الملخص:**

البحث الموسوم (المدخلات المعجمية للمورفيمات الاشتقاقية في اللغة الكردية)، محاولة للكشف عن وتحديد المدخلات المعجمية للمورفيمات الاشتقاقية فيما يتعلق بالمعلومات اللغوية (الصوتية والصرفية والنحوية والدلالية) المخزونة ضمنياً في كل مورفيم. وتصبح جميع هذه المعلومات تشكل أساس التعرف على هوية المورفيمات وإظهار الفروق بينها. وفي الوقت نفسه، يعتمد المتكلمون باللّغة على جميع هذه المعلومات لإنتاج بنى اشتقاقية صرفية كاملة دون أي نقص. الهدف من البحث هو إثبات الرأي الذي يفترض أن الجذوع تتصرف كمادة معجمية في تكوين الكلمات والمعاجم، مما يجعل تخزينها في المعجم قابلاً للتنبؤ، وهو ما يمنحها مدخلاتها المعجمية الخاصة المميزة.

**الكلمات المفتاحية:** المعجم العقلي، المدخلات المعجمية، البنية المورفولوجية، الصرفيات الاشتقاقية.

**Abstract:**

The research titled (Lexical Entries of Derivational Morphemes in Kurdish Language), is an attempt to demonstrate and identify the lexical entries of derivational morphemes in relation to linguistic information of (phonology, morphology, syntactic and semantics), which are stored implicitly within each morpheme. All of this information becomes the factor for recognizing the identity of morphemes and showing the differences between them. At the same time, language speakers, relying on all this information, produce complete morphologically derived structures without any deficiency. The aim of the research is to prove the view that assumes stems behave as lexical material in the formation of words and lexemes, making their storage in the lexicon predictable, which gives them their own special lexical entries.

**Keywords:** Mental Lexicon, Lexical Entries, Morphological Structure, Derivational Morphemes.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**پێشەکیی**

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفیمی هەڵگواستن لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە. توێژینەوەکە کارکردنە بۆ دیاریکردنی ئەو زانیارییە فەرهەنگییانەی، بەهۆیانەوە پەسنی کەسێتیی توخم و کەرەستەی مۆرفۆلۆژیی (لاگری هەڵگواستن)ی پێدەکرێت. ئەوانیش زانیارییە (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی و سیمانتیکیی)یەکانن، کە بە شێوەی ئەبستراکت لە ناواخنی توخمەکاندا گەنجکراون، بە خستنەگەڕو بەکاربردنیشیان، دروستەی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمدێت. توێژینەوەکە بەپێی هەردوو تیۆری (دەروازەی فەرهەنگیی وX_bar ی مۆرفۆلۆژییانە) لە سنووری دوو بەشدا ئەنجامدراوە. بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە بۆ خستنەڕووی فەرهەنگ و پێکهاتەی فەرهەنگیی تەرخانکراوە، پاشان تیۆری دەروازەی فەرهەنگیی و X_bar ی مۆرفۆلۆژییانە خراونەتەڕوو. لە بەشی دووەمیشدا، گرنگیی بە دیاریکردنی جۆرەکانی دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفیمی هەڵگواستن دراوەو پەیوەست بە زانیارییە زمانییەکانەوە کارەکییانە لێیانکۆڵراوەتەوە. گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، هەر لاگرێکی هەڵگواستن، خاوەنی دەروازەی زانیاریی تایبەت بە خۆیەتی، کە دەستەبەری بەرهەمهێنان و نواندنی دروستە مۆرفۆلۆژییەکانی هەڵگواستن دەکەن. توێژینەوەکە بەپێی ڕێبازی (پەسنیی شیکاریی) ئەنجامدراوە، کەرەستەو داتاکانیش، لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_ شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون.

**١ بنەماو تیۆریی پێویست**

**١/١ فەرهەنگو پێکهاتەی فەرهەنگیی**

لەو ڕووەوە، کە ئاخێوەر فەرهەنگ و کەرەستە تێدا هەڵگیراوەکانی دەکاتە بنەمای بەرهەمهێنانی هەر دروستە/ دەربڕاوێکی زمانیی ڕاست و دروست، فەرهەنگ کۆگایەکە بۆ گەنجکردنی پێڕەوبەندانەی کەرەستە جۆراوجۆرەکان بە زانیارییەکانیانەوە. پەیوەست بە ئەوەوە، (Aitchison, 1987, 9) فەرهەنگی ئاوەزیی (Mental Lexicon)* بە گەنجینەیەک پەسندەکات، کە لە مێشکی مرۆڤدایەو ئاخێوەرانی زمانی دایک وشەی تێدا خەزندەکەن. بە لای سینگڵتۆن (Singleton)ەوە: "فەرهەنگی ئاوەزی بریتییە لە مۆدێلێک لە ناو یادگەی درێژخایەنداو هەڵگری هەموو کۆزانیارییەکانی قسەکەرە دەربارەی دونیاو وشەکانیشی دەربارەی زمانەکەی، یان ئەو زمانەی دەیزانێت تێیدایە". لە (مەحموود، ٢٠١٦، ٢٨) وەرگیراوە. فەرهەنگ ڕەگەزێکی گرنگی زمان و پرۆسەکانی ئاخاوتنە، یاخود "ئاماژەیە بۆ ئاوەزی قسەکەر، کە سەرجەم زانیارییە (دەنگیو واتایی)یەکانی تێدا پارێزراوەو پرۆسەی ئاخاوتنی زمانی لەسەر دەوەستێت" (Marslen-Wilson & Tyler, 1994, 3). بەمەش تەنها فەرهەنگی وشەکانی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو گەنجینەو ئاوەزی تاکەکانە، بۆیە فەرهەنگی ئاوەزیی، ئاماژەیە بۆ کۆی زانیارییە زمانییەکان، کە بەکارهێنەری زمانەکە خاوەندارێتیی دەکات. هاوکات فەرهەنگی ئاوەزیی، واتا وشەنامەکەی ناو مێشک، دارشتەی سایکۆلۆژیی زانیارییە لێکسیکییەکانە. زاراوەیەکە بۆ چۆنیەتیی ڕێکخراوەی ئاوەزیی گەنجی وشەی مرۆڤێک، کە لە چەمکێکی ڕێزمان و ئاوەزدارییدا، بەشەپێکهاتەیەکی زانینە زمانییەکەیە، کە زانیاریی دەربارەی یەکە زمانییە سینتاکسییو مۆرفۆلۆژیەکان خەزندەکات، کە ناتوانرێت لەوە زیاتر شیبکرێنەوە (مەحویی، ٢٠٠٦، ١٢). بە دەربڕینێکی تر، فەرهەنگی ئاوەزیی، گەنجینەی هەمیشەیی وشە زانراوەکانە لە ئاوەزی ئاخێوەرانی زماندا، کە زانیاریی پێویستی بۆ بەکارهێنانی وشەکان بە شێوەیەکی پێڕەوبەندانە تێدایە، ئەوانیش زانیاریی واتایی، ڕێزمانیی، فۆنۆلۆژیین لەبارەی هەر وشەیەکەوە لە زماندا. (Cruse, 2006, 104), (Lieber, 2012, 15)، بۆیە "دەشێت هەر ئاخێوەرێکی زمان پەیوەست بە جیاوازیی ئەزموونی زمانیی تاکەکەسییەوە، فەرهەنگە ئاوەزییەکەی جیاوازیی هەبێت" (سەعید، ٢٠١٩، ٦). هەبوونی ئەو زانیارییە زمانییانەش لای ئاخێوەر، دەسەڵاتشکانەوەی ئاخێوەر بەسەر ناسینەوەی دروستە بەرهەمهێنراوەکانی زمانەکەیدا نیشاندەدات، چونکە وەک گوترا، "زانیارییە سینتاکسیی و واتاییەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێک، دروستەی دروستو واتاڕاست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە" (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٣٦)و لە دەربڕاوە نادروستو ناڕاستەکان جیایبکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە، فەرهەنگ تەنها کەرەستە فەرهەنگییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو شێوەو نەخشە ئەبستراکتانەش دەگرێتەوە، کە کەرەستەکان دەتوانن تایبەتێتییە (زگماکی)یەکانی لەخۆبگرێت، ئەم نەخشەیە پەیوەستکردنی گۆڕاوە سینتاکسییەکانە لەگەڵ واتاکانیاندا (حسەین، ٢٠١١، ٥٧)، بەوپێیەی فەرهەنگی ئاوەزی سیستەمێکی مەعریفییە، کە توانای چالاکیی وشەیی ئاگاو نائاگا

*بنەمای سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، فەرهەنگی ئاوەزیی (Mental Lexicon)یە، کە لە وشەنامە (Dictionary) جیاوازە. فەرهەنگی ئاوەزیی، گشت توخمە فەرهەنگییەکان بە تەواوی زانیارییەکانیانەوە دەگرێتەوە، لە کاتێکدا وشەنامە، لێکسیمەکان تێیدا بەپێی پێڕەوی ئەلفبێ ڕیزکراون.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پێکدەهێنێت، بۆیە هەرگیز جێگیر نییەو لە توانای زمانیی ناوەستێت. (Jarema & Libben, 2007, 3)، لەبەرئەوە لەگەڵ بیستن و خوێندنەوەی وشەکاندا، مێشک بە خێرایی و نائاگاییانە دەستی بە فەرهەنگی ئاوەزیی ڕادەگات بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێویست پەیوەست بە تێگەیشتن و بەکارهێنانی وشەکەوە.

لە ڕوانگەی زمانەوانییشەوە، فەرهەنگی ئاوەزیی بە کۆگایەکی زیندوو و هەمیشە نوێکراوە بۆ کەرەستە/ یەکە زمانییەکان دادەنرێت، کە لە ئاوەزی ئاخێوەردا زانیاریی پێویستی لەگەڵ هەر وشەیەکدا لەبارەی واتاو ئەرک و پۆلی وشەکان و چۆنییەتیی درکاندنیانەوە هەڵگرتووە، کە زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی، سیمانتیکی) دەگرێتەوە، هەموو ئەمانەش، ڕۆڵ لە پێکهێنانی ڕستەو کەتیگۆریی سینتاکسییدا دەبینن (قادر و ئەحمەد، ٢٠٢١، ٢١٦-٢١٧)، بڕوانە (شێخ تەیب، ٢٠٢١، ١١٤). ئەمەش پێماندەڵێت، بە تێپەڕبوونی کات فەرهەنگە ئاوەزییەکەی ئاخێوەر گەشەدەکات، هەربۆیە منداڵیش لە ڕێگەی خوێندنەوەو گوێگرتنەوە، کەرەستەو یاسا زمانییەکانی زمانەکەی بەدەستدەهێنێت و دەبێتە خاوەنی فەرهەنگێکی ئاوەزیی فراوان و زەنگین.

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە، فەرهەنگی زمانێک، بریتییە لە لیستێک لە توخمە زمانییەکان، کە پێویستە هەموو قسەپێکەرێکی زمانەکە بیزانێت و بیناسێتەوە، چونکە ئەم لیستە بووەتە نیشانەیەکی لەخۆوەیی نەک بە هەندێک ڕێگا پێشبینیبکرێت، زۆربەی ئایتمەکانی ئەم لیستە بریتیین لە (وشە)، هەندێکی تریان بریتین لە یەکە گەورەکان وەک (ئیدیۆم)و هەندێکیشی بریتیین لە یەکە بچووکەکانی وەک (لاگرەکان) (احمەد، ٢٠١٣، ١٠). لەلایەکی دیکەوە، سەرباری ئەوەی فەرهەنگ لیستی وشەکانەو زانارییە فۆنۆلۆژییو سینتاکسیو واتاییان تێدا هەڵگیراوە، پەیوەست بە تێڕوانینو هاوکاریی کۆمەڵایەتیشەوە، دابەشکردنو خستنەڕووی داتا زمانییەکەشی بۆ پەیوەندیکردنو دەستەبەری کۆمەڵایەتییو کەلتووریی دادەڕێژێت، ئەویش لە دوو ڕوانگەوە دەبێت: (ا) فەرهەنگ نواندنی ئاوەزمەندیی (Mentality)ی نەتەوەیەکە، کە لەڕێی زمانەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەگوازرێتەوە، (ب) داتاکانی ناو فەرهەنگ بۆ پەیوەندییەکی تەواوەو بۆ گواستنەوەی زانیاریی دەستنیشانکراوە (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٣٥).

دەکرێت لەو پەسنکردنانەوە ئەوە هەڵبهێنجرێت، کە (ا) فەرهەنگ کەرەستەی خاوی بۆ بەرهەمهێنانی هەر پێکهاتەیەکی دیکەی زمانیی بە زانیارییەکانیانەوە تێداخراوە/تێداهەڵگیراوە. هاوکات "کەرەستە فەرهەنگییەکانیش دروستەی ناوەکی خۆیانیان هەیە، کە بەهۆی یاسا فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێن" (حسەین، ٢٠١١، ٥٧). (ب) پەیوەست بە خاڵی (ا)ەوە، ئاستی فەرهەنگیی، خاوەنی ڕیزبوونی تایبەت بە خۆیەتی، بۆ نموونە پەیوەست بە مۆرفۆلۆژییەوە، پۆلەرەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانە ( Morphological Sub categorization) بۆ نواندنی مۆرفیمەکان پێش دارشتنی وشەکان لە نموونەکانی (١)دا دەخرێنەڕوو (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٨). بەوپێیەی فەرهەنگیش وەک هەر پێکهاتەیەکی دیکەی زمانیی، مەرجی بەپێکهاتەبوونی جێبەجێکردووە. بڕوانە (سەعید، ٢٠١٩، ٣-٨).

<u>مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی</u> <u>نواندنی مۆرفۆلۆژیی</u>

١_ ا. /_چە/ + [باخ] ⟵ /باخچە/

ب. /_ەوان/ + [شاخ] ⟵ /شاخەوان/

هەمان بۆچوون بۆ لاگرە ڕێزمانییەکانیش دروستە، چونکە ئەو لاگرانەش وەک سەرێکی ئەرکیی گۆدەکەن و لە ڕووی سینتاکسییو واتاییشەوە بەدەسەڵاتن ( Cook & Newson, 2007, 258)، بڕوانە نموونەکانی (٢).

٢_ ا. /_ەکە/ + [کوڕ] ⟵ {کوڕەکە}

ب. /_ان/ + [کچ] ⟵ {کچان}

لە نموونەکانی (١، ٢)دا، سەرەوڕیزبوونی فەرهەنگیی و مۆرفۆلۆژیی توخم و کەرەستەکان، پەیکاڵ/ وەکیەک نین، ئەوەش بۆ پێڕەوی ڕێزمانیی پەیوەست بە پارامێتەری زمانەکان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە زمانی کوردیی، پەیرەوی ڕێسای سەرکۆتایی دەکات، بۆیە ڕیزبوونە فەرهەنگییەکەی ئەوە دەسەلمێنێت، کە فەرهەنگیش ڕیزبوونی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەرئەوە پێڕەوبەندیی و ڕێکخراوەیی فەرهەنگ پەیوەست بە خستنەڕووی زانیاریی زمانیی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی، سیمانتیکیی)یەوە، پشت بە دیاریکردنی دەروازەی جۆراوجۆر دەبەستێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**1-1/1 زانیاریی فەرهەنگیی_مۆرفۆلۆژیی**

پێشتر ئاماژە بەوە درا، توخمە فەرهەنگییەکان بە زانیارییە زمانییەکانیانەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. ئەو زانیارییانەش بۆ ئاخێوەرانی زمان وەکیەکەو هاوبەشن، کە زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسیی‌و واتایی)ن. بەوەش کەرەستەی هەریەک لەو پێکهاتانە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێن، بە جۆرێک فۆنۆلۆژیی بنیاتیی برگەو مۆرفۆلۆژیش بنیاتیی وشەی ناسادەی تێدا دەنرێت (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٧). پەیوەست بە نواندنی زانیارییە زمانییەکانەوە، بۆ هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگیی، دەروازەی زانیاریی تایبەت بە خۆی تۆماردەکرێت، بەڵام بەپێی جۆری کەرەستەکە، جۆری زانیارییە زمانییەکەش دەگۆڕێت (والی، ٢٠٢٣، ٤)، بۆ نموونە (لاگر، ڕەگی کردار)ەکان، پەیوەست بە (دەسەڵاتی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیی، جۆری تەواوکەر، بەرهەم و دەرکردە)کەشیانەوە لەیەکجیاوازن، بۆیە هەریەکەیان دەروازەی جیاو سەربەخۆیان هەن. بەمپێیە "یەکە پێکهێنەرەکانی دەربڕینە زمانییەکان ناچوونیەکن‌و هەڵگری زانیاریی جۆراوجۆرن، هەروەها کۆڵینەوە لە جۆرو چەشنی یەکەو زانیارییە پەیوەستدارەکان‌و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوانیان، پێڕەوبەندانەو بە یاسا ڕێکخراوە" (سەعید، ٢٠١٩، ٩). لەڕووەوە دیاریکردنی دەروازەی فەرهەنگیی، پشت بە کەسێتیی و ئەدگاری توخمەکان دەبەستێت، کە لەڕێیانەوە پێشبینیی دیاریکردنی تواناو دەسەڵاتە ڕێزمانیی (مۆرفۆلۆژیی‌و سینتاکسیی)یەکیانیان دەکرێت‌و لە دروستە بەرهەمهاتووەکەیاندا یەکلادەکرێتەوە. بڕوانە نموونەکانی (٣_ا،ب) و بە یەک بەراوردیانبکە.

٣_ ا. /خوێدان/$^{X0}$

ب. {شاخی بەرز}$^{AP}$

لە (٣_ا)دا، لاگرە فەرهەنگییەکەی /_دان/، توخمە پرۆژەسازدەرە مۆرفۆلۆژییەکەیەو لێکسیمێکی نوێی دروستکردووە، کەچی لە (٣_ب)دا، ئاوەڵناوی /بەرز/، پرۆژەی فرێزە ئاوەڵناوییەکەی لە سینتاکسدا بەرهەمهێناوە. بەوەش (ا) لەلایەک هەموو ئەم زانیارییانە، بەهۆی تیۆری پۆلەڕەگەزدیاریکردنەوە بەرجەستەدەکرێن. (ب) لەلایەکی ترەوە، دروستە نوێنراوەکان دەبنە سەنگی مەحەک و بەهۆیانەوە پەی بە زانیاریی ناواخنی توخمەکان و تەواوی دەسەڵاتەکانیان و جیاوازیی نێوانیشیان دەبرێت. بۆ زانیاریی لەبارەی چەندێتیی هەڵاوێرکردنی کردارو پێدانی ڕۆڵی سیمانتیکییەوە، بڕوانە (katamba & Stonhan, 2006, 14).


ڕوونکردنەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئاخێوەری زمان زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕێزمانەکەیەوە لایەو لە بەکاربردنی زماندا بە ئاگاییەوە بەرجەستەیاندەکات، زانیارییەکانیش لە گەنجینە فەرهەنگییەکەدا نواندنێکی ناوەکیی (Internal Representation)یان دەبێت‌و لە ڕێزمانەکەشدا نواندنێکی دەرەکیی (External Representation). بەوپێیەش زانیارییە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگ، دەبنە بنەمای فۆرمداڕشتن لە ڕێزماندا (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٦٧). هەر ئەمەش وایکردووە، فەرهەنگ‌و ڕێزمان ببنە تەواوکەری یەکترو هەریەک لە توخمە فەرهەنگییەکان ببن بە تێکردە بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراوی ڕێزمان‌و دەرکردەکەشیان یەکەیەکی ئەو پێکهاتەیە بێت (والی، ٢٠٢٣، ٥). لەڕووەوە، ئەو وشانەی لە فەرهەنگدا کۆدکراون، کۆی گشتیی کۆزانیاریی وشەکەن، کە قسەپێکەرە ڕەسەنەکان لە ئاوەزیاندا هەڵیانگرتووە، ئەو کۆزانینە هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، کە دەربارەی چۆنیەتیی گۆکردن، کەتیگۆریی وشەکە، کە یەکێکە لە پرنسیپەکانی هێزدانان، واتای وشەکە، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاریی تایبەتمەندیی سینتاکسیی لەخۆدەگرێت (تۆفیق، ٢٠٢٤، ٢٤). زانیاریی زمانییش، پابەندی لێهاتوویی‌و شارەزایی بەرفراوانە لە پێڕەوی یاساکاندا، کە کەسێک دەتوانێت پێیان ژمارەیەکی بێسنوور لە دەربڕاوەکان بە پرۆسەی (بەجفرەکردن‌و جفرەلێکدانەوە)وە دەرببڕێت (حسەین، ٢٠١١، ١٣)و لە هەمووشیان تێبگات.

مۆرفۆلۆژیی، وەچەپێکهاتەیەکی ڕێزمانەو لەڕێی وشەو مۆرفیمەکانەوە پەسندەکرێت، کە بۆ هەریەکێکیان زانیاریی مۆرفۆلۆژیی پەیوەست بە دروستەو واتاوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراوە. بەوپێیە توخمە مۆرفۆلۆژییەکان بە زانیارییە ئەبستراکتەکانیانەوە لە ڕێگەی تەرزو یاسا مۆرفۆلۆژییەکانەوە، پرۆژەسازدەری فۆرم و واتای نوێی فەرهەنگین. (Jackendoff, 2009, 5). لە مۆرفۆلۆژییدا پێواژۆکانی هەڵگواستن‌و لێکدان پێڕەوبەندانە ڕوودەدەن، بۆیە ئاخێوەر بەهۆی توانست و ئاگاییە مۆرفۆلۆژییەکەیەوە، دەرکردەی ڕاست‌و دروست بەرهەمدەهێنێت. ئەمەش بە خشکەیی ئەوە دەردەبڕێت، کە نواندنی دروستە مۆرفۆلۆژییەکان، پەیکاڵی زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان دەبن. زانیارییە مۆرفۆلۆژیی‌و واتاییەکانی مۆرفیمەکانیش، لە تێکردە زمانییەکاندا (Linguistic Input) بەدەستدێن. زانیارییە مۆرفۆلۆژییەکان تەنها ئەوانە نین، کە پەیوەستن بە یاساو پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو هەندێک زانیاریی دیکەش لەخۆدەگرن، کە بۆ پێکهاتەی سینتاکس بەهادارن، وەک دیاریکردنی پۆلەڕەگەزەکانی (ناو، ئاوەڵناو، کردار...)، کە ڕێگەدەدەن ئاخێوەر لە بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکاندا بەکاریانببات. بڕوانە گۆکردنی کەتیگۆریی (ناو) لە جێکەوتەی (بکەر، بەرکار)دا، کەچی هەمانشت بۆ (ئاوەڵناو) نادروستە.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**١-٢/١ دەروازەی فەرهەنگیی**

دەروازەی فەرهەنگیی، تیۆرانینێکی گشتییە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، گرنگی بە خستنەڕووی زانیاریی زمانیی هەر توخمێک دەدات، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەردا هەڵگیراوە. تیۆرەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە وشەکانی زمانێک بە تەواوی زانیارییەکانیانەوە لە ئاوەزدا هەڵدەگیرێن و دواتر دەبنە بنەمای بونیاتنانی دروستەو دەربڕاوەکان. بڕوانە هێڵکاریی (١).




هێڵکاریی (١)

لە فەرهەنگدا، کە بە ئانالۆزی وشەنامەکەی ناو مێشکە، جەخت لەو زانیارییانە کراوەتەوە، کە پەیوەستە بە هەرسێ ئاستی فۆنەتیکو سینتاکسو سیمانتیکەوە، ئەم زانیارییانە بە دەروازەی زانیاریی/ فەرهەنگیی Lexical Entry ناوبراوەو دەستپێداگەیشتنی ئەم زانیارییانەش لە فەرهەنگی ئاوەزییدا بۆ کردەی لەیەکگەیشتن پێویستە، بەو مانایەی دەبێت دەستمان بە واتای ئەو فۆرمانە بگاتەوە، کە بۆ گوزارشتەکانمان دەریدەبڕین (احمد، ٢٠١٥، ٣٨)، زانیارییەکانیش بەهۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێن، بەوپێیە زانیارییەکان هۆکارێکن بۆ ناسینەوەی دروستەی دروستو واتاڕاست لای ئاخێوەری زمان. لەلایەکی ترەوە، فەرهەنگ خاوەنی چەند دەروازەیەکی جیاوازە لە لێکدانەوەو خستنەڕووی توخمەکانیدا، کە بە دەروازە فەرهەنگییەکان ناسراون، ئەم دەروازانەیش پێکهاتەی هێمایی لێکسیمیی و فریزییان هەیە، کە تایبەتمەندییەکانیشیان بریتییە لە: فۆن-phone، کە هەمیشە بەهۆی زنجیرەیەک پیتەوە دەنوێنرێت، سین-syn، زانیارییە سینتاکسییەکان دەگرێتەوە، سێم-sem، داتا سیمانتیکییەکان لەخۆدەگرێت (حسەین، ٢٠٠٩، ١٢٩).


فەرهەنگی ئاوەزیی وەک تۆڕێکی ئاڵۆزی دەروازەی زانیارییەکان ڕێکخراوە، کە بۆ پێکەوەبەستنی فۆرمە ڕیزبەندکراوەکان، بە ڕێگای جۆراوجۆر لەگەڵ پێڕەوێک لە یاساکان ئاوێتەبوون، کە وا دەردەکەوێت دەروازە زانیارییەکان و یاساکانی وشەڕۆنان لایەنیکەم تا ڕادەیەک بە بەشە جیاوازەکانی مێشکەوە بەسترابێتنەوە، بە پێچەوانەی وشەنامەکانەوە، کە وشەکان تێیاندا بە شێوەی ئەلفبێ ڕێکخراوە، لەگەڵ گۆکردنیانو واتاکانیان، کە ڕەنگە نموونەی بەکارهێنانەکانیشیان لەخۆبگرێت، کە هەموو زانیارییەکیان دەربارەی وشەکان تێدا نییە (Rochelle Lieber, 2009, 5-30) لە (توفیق، ٢٠٢٤، ٢٥) وەرگیراوە.

چۆمسکیی لە بنەما سینتاکسییەکانی ڕێزماندا وایدادەنێت، فەرهەنگ لە ژمارەیەک دەروازەی فەرهەنگیی تایبەت بە مۆرفیمەکان پێکهاتووە، ئەمانیش بچووکترین زنجیرەی دەنگیی سەگمێنتەکانن، کە هەڵگری واتان، فەرهەنگیش بەشێکی یەکلاکەرەوەی ئەو لقە پێکهاتەییە، کە لەگەڵ یاساکانی بنکەدا پێکهاتەی سینتاکسیی پێکدێنن. بەوپێیە لەناو فەرهەنگدا بۆ هەر توخمێک دەروازەی زانیاریی تەواو ورد تۆمارکراوە، کە تێیدا جەخت لە زانیاریی زمانیی کراوەتەوە، هەروەک پەیوەست بە جۆری کەرەستەکانەوە، زانیاریی جیاواز لەبارەی چۆنییەتیی دەربڕینی فۆنەتیکییانە، دیاریکردنی پۆلەڕەگەزی توخمەکان، چەمکو ناوەڕۆک، هاوکات پەیوەندییە سیمانتیکییەکانی لە جۆری (کرۆکەواتا، دژواتا...)ی توخمەکان لەخۆدەگرێت. (سەعید، ٢٠١٩، ٨-٩)، کەچیی گریمانەدەکرێت بەکارهێنانی میتافۆرییانەی هەندێک لە وشەکان، لە دەروازەی فەرهەنگیی وشەکاندا زانیارییەکی نەخراوەڕوو/ ئاشکرا بن، چونکە واتای میتافۆریی، پەیوەست بە خواستنی چەمکی واتایی وشەیەکەوە هەمبەر بە کرۆکە واتا فەرهەنگییەکەی ڕوودەدات، بۆیە بەکارهێنانەکەی نەگۆڕ/ چەسپاو نییە، بەوەش پێشبینیناکرێت میتافۆر بەشێک لە زانیارییەکانی دەروازەی فەرهەنگیی_واتایی توخمەکان پێکبهێنێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:68-86

فەرهەنگ پێکهاتەو گەنجینەی زانیاریيە لێکسیکییەکانە، کە بەپێی دەروازەی زانیاریی ڕێکخراوە، بۆ نموونە لێکسیمێکی وەک /زەرد/، لە دەروازەکەیدا سەرەڕای پۆلێنکردنی پۆلەڕەگەزەکەی (ئاوەڵناو)، زانیاریی واتاییو فۆنۆلۆژییو چۆنیەتیی گۆکردنیو هەروەها فۆرمە هەڵگۆیزراوەکانی /زەرداو، زەردیی/ زەردێتیی، زەردوویی، زەردێنە، زەردباو،...\/یشی تێدا دیاریکراوە، لەبەرئەوەیە دەروازەی فەرهەنگیی، ڕۆڵی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی زمانو پرۆسێسکردنی پێکهاتەکانی فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژییو سینتاکسدا دەبینێت. بەوپێیە پێرەوی فەرهەنگیی، پەسنکردنی تایبەتێتیی زگماکیی توخمەکان لە مەودای چەند دەروازەیەکدا بە زانیاریی جیاوازەوە گەڵاڵەدەکات. بڕوانە هێڵکاریی (٢). بە جۆرێک هەریەک لەو دەروازانە، ئەدگارە زمانییەکانی توخمێک پەیوەست بە پێکهاتەیەکی زمانییەوە چڕدەکەنەوە، بەوەش (ا) زانیارییەکانی هەر دەروازەیەکی فەرهەنگیی، وابەستەی پێکهاتەیەکی زمانیی دیاریکراون و بە ئەوەوە پەیوەستن، ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆ فرەچەشنیی خودی زانیارییەکان دەگەڕێتەوە، هەروەک زانیاریی فۆنۆلۆژیی، پێویستیی هەبوونی دەروازەی فەرهەنگیی فۆنۆلۆژیی و زانیاریی مۆرفۆلۆژییش، هەبوونی دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفۆلۆژیی دەسەپێنێت. گرنگە ئەوەش بگوترێت، "لە سەرەتای دەروازە فەرهەنگییەکاندا، نواندنێکی ئەبستراکت هەیەو هەموو ئەو گۆڕانە فەرهەنگییە شێوازبەندانە نیشاندەدات، کە دەکرێت جێبەجێبکرێن" (Crystal, 2008, 273). (ب) خاڵی (ا) هۆکاری هێنانەئارای هەمەچەشنیی دەروازەکانە پەیوەست بە توخمێکی دیاریکراوی وەک (فۆنیم، مۆرفیم، ناو، ئاوەڵناو، کرداری فەرهەنگیی....هتد)ەوە. (پ) لە دەروازەی سینتاکسیی هەر توخمێکدا، هاوکات پارامیتەرەکەشی دیاریدەکرێت، بۆ نموونە ئەو لاگرانەی فۆرمی پاشگریان هەن، ڕێسای سەرکۆتایی پەیرەودەکەن، کەچیی بۆ لاگرەکان لە فۆرمی پێشگردا، پێچەوانەکەی دروستە.




هێڵکاریی (٢)

**٢/١-٢ بنەماکانی دەروازەی فەرهەنگیی**

بنەماکانی دەروازەی فەرهەنگیی، پەیوەست بە دروستەو ئەرکی مۆرفیمەکانەوە دادەڕێژرێن. بە جۆرێک لە دانانی دەروازەی فەرهەنگیی هەر مۆرفیمێکدا، دروستەو ئەرک دەکرێنە بنەماو بەهۆیانەوە زانیارییەکانی ناواخنی لاگرەکە پەیوەست پەسنکردنی کەسێتییانەوە، دیاریدەکرێن. لایەنە دروستەییەکە، پەسنکردنی بیچمی لاگرەکانە، کە لە فۆرمی مۆرفیمی بەنددا گۆکردنیان دەبێت، بۆیە لە جێبەجێکردنی هەر پێواژۆیەکی مۆرفۆلۆژییدا، زانیارییەکانی دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکە لە ڕووی دروستەو ئەرکەوە وابەستەی زانیارییە تێدا هەڵگیراوەکانی ناواخنی لاگرەکە دەبێت. بڕوانە (مۆم ← مۆمدان)، لاگرە هەڵگۆیزەرەکەی /_دان/ لە ڕووی دروستەوە [+ مۆرفیمی بەند]ە، ئەوەش پرۆژەکە دەکاتە دروستەیەکی هەڵگۆیزراو، بەوپێیە بێت زانیارییە دروستەییەکە، پەیوەستە بە خستنەڕووی بەشێکی زانیاریی مۆرفۆلۆژییانەوەو ڕوونیدەکاتەوە، بۆیە لە دەروازە مۆرفۆلۆژییەکەیدا تۆماردەکرێت، پاشان لایەنە ئەرکییەکەی مۆرفیمەکە، وابەستەی واتا تێدا_هەڵگیراوەکەی دەبێت، هەر ئەوەیە وادەکات دەرکردەکە جیاواز لە بناغەکەی گۆبکات، چونکە سیمانتیکییانە لە [+ناوی شت]ەوە بۆ [+ ناوی شوێن] گۆڕاوە، ئەو گۆڕانەش، گۆکردنێکی نوێ بۆ دروستە بەرهەمهاتووەکە فەراهەمدەکات، بڕوانە (٤)، کە لە (٤_ا)دا DP ی {مۆمەکە} گۆکردنی بەرکاریی و لە (٤_ب)دا PPی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:68-86


{ە مۆمدانەکە} گۆکردنی ئاوەڵکرداری هەیە، چونکە لاگرەکەی /_دان/ بەهۆی پێدانی فیچەری واتایی [+شوێن]ەوە، دەرفەتی گۆکردنی لە جێکەوتەی ئاوەڵکراردا پێبەخشیوە. بڕوانە (سەعید، ٢٠١٩) و (والی و مەعرووف، ٢٠٢٤).

٤_ ا. ئەو مۆمەکەی داگیرساند.
ب. مۆمەکەی خستنە مۆمدانەکەوە.

**٣/١ تیۆری X-barی مۆرفۆلۆژییانە**

تیۆری X-bar لە زمانەوانیی بەرهەمهێناندا، پێڕەوێکی ڕێزمانییە بۆ شیکردنەوەی دروستەی فرێز، کە لەلایەن "چۆمسکییو جاکندۆفەوە لە ١٩٧٠داو Bresnanەوە لە ١٩٧٣دا خراوەتەڕوو." (سەعید، ٢٠١٩، ٦٤). لە تیۆرەکەدا چەند هێمایەکی نادیار هەن، کە بەهای زمانییان پێدراوە، بە جۆرێک بۆ کۆی توخمە فەرهەنگییەکان، $X^0$ ئاماژەیە بۆ سەری ڕێزمانیی پرۆژەسازدەر، کە هەبوونی خورتییە. بۆ پرۆژە ناوەندییەکان $X^-$و بۆ پرۆژەسازدانی مەزنیش $XP/X^=$ دانراوە، هەروەها تیۆرەکە پەیڕەوی ڕێسای دووپەلکی (Binery system) دەکات، کە بە یەکگرتنی سەرو تەواوکەر بە شێوەی هەرەمی سەردەکەوێت، تا پرۆژەکە تێردەبێتو پرۆژەی مەزن XP بەرهەمبێت، هەربۆیە بەپێی تیۆرەکە یاسایەکی گشتی داڕێژراوە، بە جۆرێک، کە هەموو زمانەکانی جیهان بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان بتوانن تێۆرەکە بەکارببەن، بڕوانە یاساکانی (١)و هێڵکاریی (٣)، کە گشتیین و بۆ سەرجەم زمانەکانی جیهان دەستدەدەن. بۆ زانیاریی لەبارەی تیۆرەکەوە، بڕوانە (قادر، ٢٠٠٩، ٢٩-٤٠)، (محەمەد، ٢٠٠٩، ١٤٧-١٥٣)و (سەعید، ٢٠١٩، ٦٤-٦٧).

(١) ا-... $X^-$ ... $\longrightarrow$ $X^=/XP$
ب-... $X^-$... $\longrightarrow$ $X^0$




هێڵکاریی (٣)

وەک خرایەڕوو، X-bar مۆدێلێکی سینتاکسییە بۆ بونیاتنانو شیکردنەوەی دروستەی فرێزەکان، دەشکرێت هەروەکچۆن تیۆرەکە "بۆ دروستە سینتاکسییەکان لە تیۆری پۆلەرگەزدیاریکردندا دەخرێتەگەڕ، وەهاش بۆ ئاستی مۆرفۆلۆژییش پۆلەرگەزدیاریکردنەکە دابەزێنرێت" (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٨)، چونکە لێکسیمەکان هەڵگری زانیاریی ئەبستراکتی ناو فەرهەنگی ئاوەزیین، لە نواندنی مۆرفۆلۆژییو سینتاکسییاندا واتاکانیان دەردەخرێن، هەربۆیە ئاراستەکان بەو جۆرەن، کە دەشێت تیۆری X-bar فراوانبکرێت و مۆرفۆلۆژییش بگرێتەوە، لەوڕووەوە (Scalise) سێ ئاستی جیاوازی مۆرفۆلۆژیی جیاکردووەتەوە:


١- ئاستی (١) یەک وشە ناسادەکان
٢- ئاستی (٠) سفر وشە سادەکان
٣- ئاستی($^-$١) سالب یەک مۆرفیمە وشەداڕێژەکان/ هەڵگوێزەرەکان

لە جیاکردنەوەی ئاستەکاندا وا دەردەکەوێت، ئاستی ($^-$١)ی مۆرفیمە وشەداڕێژەکان لە دروستەی قوڵدا هیچ شوێنێکیان بۆ دانەنرابێت، (Scalise, 1986, 187) لە (قادر، ٢٠٠٩، ٤٤) وەرگیراوە، چونکە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن ( Derivational Morphemes) زانیارییە دروستەییو واتاییەکانیان بەو تەواوکەرانە دەدەن، کە لە فۆرمێکی مۆرفۆلۆژیی (وشەی هەڵگوێزراو)دا دەنوێنرێن، وەک ئاماژەی بۆکرا مۆرفیمەکانی هەڵگواستن ئاستی نواندنی ($X^{-1}$)یان دەبێتو هەڵسوکەوتو دەسەڵاتی ($X^0$)ە سینتاکسییەکانیان دەبێت (مەعرووف، ٢٠٢٤، ١٤). کەواتە لە تیۆری (X-bar)ی مۆرفۆلۆژییانەدا، بۆ مۆرفیمەکانی هەڵگواستن

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



ئاستێکی جیاوازو سەربەخۆ جیاکراوەتەوە، کە لە تیۆری (X-bar)ی سینتاکسییانەدا بوونی نییە. هۆکارێکی سەرەکیی شیاویی تیۆرەکە بۆ دروستە مۆرفۆلۆژییەکان ئەوەیە، کە گشت توخمەکان لە قۆناغی پاش_فەرهەنگیی‌و لە پۆلەرەگەزدیاریکردندا هەمان هەڵسوکەوتیان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی (٤)، کە لە (مەعرووف، ٢٠٢٠، ١٦٨) وەرگیراوە. کەواتە وەکچۆن لە تیۆری X-barی سینتاکسییانەدا فرێزەکان سەریان هەیە، بە هەمانشێوە وشە ناسادەکانیش خاوەنی سەرن، کە دەشێت پێشگر، یان پاشگر بن. (Katamba & Stonham, 2006, 316).





هێڵکاریی (٤)

گرنگیی شیکردنەوەی وشە ناسادەکان بە تیۆری X-bar، بۆ پەیبردنە بە خودی پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان، واتە ڕووکاری گشتگیری وشە ناسادەکان بە هەمانشێوەی فرێزەکان پیشاندەدات، لە شێوەی یاسایەکی گشتییدا، کە دەکرێت یاساکە هەموو پێکهاتەیەکی وشە ناسادەکان بگرێتەوە. (یونس، ٢٠١٣، ٧). لەمڕووەوە دەتوانرێت تیۆری X-bar بۆ بونیاتی پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکان تاقیبکرێتەوەو تێیدا ئەو توخمانە دیاریبکرێن، کە دەسەڵاتی واتاییان لە هەڵاوێرکردنی بناغەکاندا هەیە وەک پرۆژەسازدانی مۆرفۆلۆژییانە لێیاندەڕوانرێت، بەوپێیەی پرۆژە بەرهەمهاتووەکان بەپێی مۆرفۆلۆژیی بەرهەمهێنان ڕوودەدەن، بڕوانە نموونەکانی (٥)و هێڵکاریی (٥، ٦).

٥_ ا- /_ێنە/ + [زەرد]$^A$ ⟵ /زەردێنە/$^N$
ب- /بە_/ + [هێز]$^N$ ⟵ /بەهێز/$^A$




هێڵکاریی(٥)

هێڵکاریی(٦)

دەرکردەکانی (٥_ا،ب)، ئەوە دەردەخەن، کە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن زانیارییە دروستەیی‌و واتاییەکانیان بە تەواوکەرەکانیان بەخشیوە بە بەرهەمهێنانی فۆرمێکی نوێ بە واتایەکی نوێوە، لەڕووەوە هەمان هەڵسوکەوتی پرۆژە سینتاکسییەکانیان هەیە، کە لە سێتی سەرو تەواوکەر پێکدێن. بەوەش تیۆرەکە وێڕای سینتاکس، بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییش دەستدەدات، سەرباری ئەوەی دەتوانرێت فۆرمە مۆرفۆلۆژیی/ ناسادەکانیشی پێشبینیبکرێتەوە.

### ٢ دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفیمی هەڵگواستن لە زمانی کوردییدا

مۆرفیمەکانی هەڵگواستن/ $X^{-1}$/، کەرەستەی ناو پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیین، لە ناواخنی هەر مۆرفیمێکدا، دەروازەی زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، واتایی)و هەندێکجاریش دەروازەی (سینتاکسیی، پراگماتیکیی‌و ئیدیەمیی) گەنجکراوە، ئەو زانیارییانە لە دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا بەرجەستەدەکرێنو دەخرێنەڕوو.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5


Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص:68-86
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**١/٢ جۆرەکانی دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفیمی هەڵگواستن**

لە تیۆری دەروازەی فەرهەنگییدا، ئاماژە بە جۆراوجۆریی ئەو زانیارییانە کرا، کە بە شێوەی نادیار ناواخنی هەر توخمێکی فەرهەنگییان پێئاخنراوە، ئەوەش بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی، کە "هەر کەرەستەیەکی فەرهەنگی دەروازەی زانیاریی تایبەت بە خۆی دەبێت، بەڵام بەپێی جۆری کەرەستەکە، جۆری زانیارییە زمانییەکەیش دەگۆڕێت" (والی، ٢٠٢٣، ٤)، بەوپێیەی توخمە فەرهەنگییەکان کەرەستەی هەر پێکهاتەیەکی زمانیی بن، بەوجۆرە زانیارییانە دەتەنرێن، هەربۆیە "دەروازە فەرهەنگییەکان چونیەک و هاوجۆر نین" (مەعرووف، سەعید، توێژینەوەی بڵاونەکراوە). بەوپێیە زانیارییەکانی نێو دەروازەی فەرهەنگیی توخمێک، هەمەچەشن و جیاوازن. لەوڕووەوە (مەحویی، ٢٠١٦-ب، ٩٣) بۆچوونی وایە، دەروازەی زانیاریی هەر توخمێکی فەرهەنگیی "بریتییە لە پۆلەرەگەز/ کاتیگۆرییەکەی، توخمەکەی، جۆری دەربڕینەکەی، چەشنەکانی واتا_سەرەکییەکەی،_لاوەکییەکەی،_ لەگەڵدابووەکەیو _پراگماتییە فەرهەنگییەکەی، بەکارهێنانەکەی لە ڕستەی دەربڕاودا، هاوواتاو واتادژەکانی، لە فەرهەنگدا تۆمارکراوەو پارێزراوە". ئەمەش بە خشکەیی ئەوەمان پێدەڵێت، جیاوازیی زانیاریی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکان، فرەجۆریی دەروازەی زانیارییەکانی لێدەکەوێتەوە. (بڕوانە وەچەپارەکانی دواتر).

دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفیمەکان، قۆناغی پێش پۆلەرەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانەن، واتە زانیارییە زمانییەکانی پەیوەست بە هەر توخمێکەوە، لە فەرهەنگدا مارکەکراون/ نیشانەکراون، چونکە زانیاریی هەبوو و خورتیی نادیارن، بەڵام دیاریکردنی ئەو زانیارییانە لە پۆلەرەگەزدیاریکردنە مۆرفۆلۆژییەکەیاندا ڕوودەدات، بەوەش پۆلەرەگەزدیاریکردن دەکەوێتە نێوان فەرهەنگ و ڕێزمانەوە، واتە دەبێتە قۆناغی پاش_فەرهەنگیی و دەروازەکانی لە فۆرمدارشتنێکی فەرهەنگیی تەختدا، کە پاش لێدانی پارامیتەر، ئەو زانیارییانە مۆرفۆلۆژییانە مارکەدەکرێن. بەوەش هەموو پرۆژەیەکی مۆرفۆلۆژیی، لە دوو قۆناغدا مارکەپلێدەدرێت، (١) مارکەکردنی فەرهەنگییانە، (٢) مارکەکردنی مۆرفۆلۆژییانە، کاتێک جێبەجێدەکرێت، کە سێتە بەرهەمهاتووەکە لە نواندنەکەیدا بەرجەستەدەکات. بڕوانە هێڵکاریی (٧).




هێڵکاریی (٧)

**١-١/٢ دەروازەی فۆنۆلۆژیی مۆرفیمی هەڵگواستن**

توخمی فۆنۆلۆژیی لە فۆرمی مۆرفۆلۆژیدا، هەردوو لایەنی (کەرتیی-Segmental)و (ناکەرتیی-Supra Segmental) دەگرێتەوە. فۆنێمی کەرتیی بە فۆنێمی (سەرەکیی_primary phoneme)یش ناوبراوە، بەوپێیەی "فۆنێمە سەرەکییەکان دەتوانرێ کەرتبکرێنو لەیەکترجیابکرێنەوەو لە شوێنەکانیان داببڕێنو لە شوێنی ترو ڕۆنانی وشەیەکی تر ڕۆڵی خۆیان ببینن و کار لە گۆڕانی واتای وشەکان بکەن" (موسی، ٢٠٠٧، ٢٠). واتە لایەنی کەرتیی فۆنۆلۆژیی، نواندنی فۆنێمەکانە لەناو برگەو دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا، بەوپێیەی فۆنێمەکان هەڵگری زانیاریی فۆنۆلۆژیین، ئاخێوەری زمان ئەو زانیارییانە بەپێی یاساو ڕێسا پێڕەوبەندانە بەکاردەهێنێت، چونکە ئەو زانیارییانە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی گەنجکردن و دەربڕینی مۆرفیمەکان لە فەرهەنگ و ئاخاوتندا گرنگ و بەهادارن لەوڕووەوە، کە فۆنێمەکان وەک کەرەستەی فۆنۆلۆژیی، بە شێوەی زنجیرەیی و بەپێی کۆمەڵێک یاساو مەرج/ کۆتوبەندی دیاریکراوی زمانیی، دەچنەتەکیەکو یەکەی گەورەتری وەک (برگە، مۆرفیم، وشە،...) دروستدەکەن، هەربۆیە بنەمای کەرتیی فۆنێمەکان، ڕێگە بە شیکردنەوەو لەیەکترازاندنی وشەو مۆرفیمەکان دەدات بۆ زنجیرە فۆنێمەکان و دیاریکردنی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سنووری مۆرفیمەکانیش. بەوپێیە خستنەتەکیەکی فۆنیمەکان ئەوە دەردەبڕێت، کە مۆرفیمو وشە سادەکان خاوەنی دروستەی فۆنۆلۆژیین، کەچیی وشە ناسادەکان خاوەنی دروستەی مۆرفۆلۆژیین، بۆیە "هەموو توخمێکی فەرهەنگیی نیشانەو ئەدگاری فۆنۆلۆژیی خۆی هەیە"(مەعرووف، ٢٠٢٤، ٢٧). بڕوانە وشەی <گوڵ> لە سێ توخمی پێکهێنەری دەنگیی بە شێوەی زنجیرەیی یەکلەدواییەک دروستبووە، کە دروستەیەکی فۆنۆلۆژیی واتادارە، بە ترازاندنو لابردنی هەریەک لە سەگمێنتەکانی، دروستەکە لە ڕووی واتاوە هەڵدەوەشێتەوە، لە بەرانبەردا دروستەی مۆرفۆلۆژیی، ڕێگە بە لێکترازاندنو هەڵوەشاندنەوە دەدات بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی، بڕوانە وشەی <گوڵزار>، کە دەتوانرێت بۆ پارچەکانی /گوڵ/، /_زار/ شیبکرێتەوە. هاوکات مۆرفیمەکان دروستەی فۆنۆلۆژییان هەیە، "دروستە فۆنۆلۆژییەکان بە یارمەتیی یاساکانی خستنەتەکیەکی دەنگەکان دەنوێنرێنو دەخرێنەڕوو" (مەحویی، بەرگی دووەم، ٢٠٠٨، ٤). بەوەش مۆرفیمەکان بەهۆی فۆنیمەکانەوەو فۆنیمەکانیش لە ڕێی فۆن/ دەنگەکانەوە بیچمیان بۆ دروستدەکرێتو بەرجەستەدەکرێن، بۆیە دەشێت پەیوەندیی نێوان فۆنیم و مۆرفیم، بنەمایەکی مۆرفۆفۆنیمیی هەبێت، واتە "فۆنیمێک خۆی لە فەرهەنگدا چۆنە پاشان بە پێی یاسا مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکان لە وشەیەکی مۆرفۆلۆژییدا چی بەسەردێت، ئەوکاتە لەڕووی کەرتییەوە فۆرمە نوێیەکە وەک فۆرمێکی بەوشەبووی مۆرفۆلۆژییانەی لێدێت" (طاهر، ٢٠٢٢، ٢٧). مۆرفۆفۆنیم وەک پێکهاتوویەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژیی لە زانستی زماندا دیاریکراوەو لەو فۆرمانە دەدوێت، کە لەڕووی فۆرمەوە لەیەکدەچن، بەڵام لەڕووی ئەرکو واتاوە جیاوازن، یاخود لەو فۆرمانە دەکۆڵێتەوە، کە لەئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکان بەمەبەستی دروستکردنی وشەی مۆرفۆلۆژیی نوێ، یان لە پێواژۆی فۆرمی سینتاکسیدا، هەندێک پێواژۆی فۆنۆلۆژیی وەک (کەوتن، هەڵتوقین، گۆڕانی دەنگی،...) دێنەئاراوە (غریب، ٢٠٢٢، ٤٣)، بڕوانە (٦)و (٧) بەراوردیانبکە.

٦_ /نیسک/
٧_ ا. /هەناریی/
ب. /گەرمیی/

لە (٦)دا، /ی/ نرخی فۆنیمی هەیە، چونکە بەشداریی دروستەیەکی فۆنۆلۆژیی کردووە، هەربۆیە وەک فۆنیم لە فەرهەنگدا هەڵگیراوەو دەروازەی فۆنۆلۆژیی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لەڕێی نیشانە جیاکەرەوەکانەوە تایبەتێتییەکانی دەردەخرێت، کەچی لە (٧_ا،ب)دا جگەلەوەی فۆنیمە، لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیشدا /_یی/ لاگری هەڵگواستنەو بەهای مۆرفیمی هەیە، چونکە بەپێی دەروازە زانیارییەکەی، کە دەروازەیەکی مۆرفۆلۆژییە، فۆرمێکی نوێی بە واتای نوێوە بەرهەمهێناوە، کەواتە لێکچوونی فۆرمەکە لەنێوان فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژییدا، پێکهاتەی مۆرفۆفۆنیمی هێناوەتەئاراوە. هەر لەمڕووەوە (Cryctal, 2008, 315) پێیوایە "مۆرفۆفۆنۆلۆژیی لقێکی زمانەوانییە، ئاماژە بۆ شیکردنەوەو پۆلکردنی ئەو هۆکارە فۆنۆلۆژییانە دەکات، کە کاریگەرییان لەسەر دەرکەوتنی مۆرفیمەکان هەیە، یان بەهەمانشێوە ئەو هۆکارە ڕێزمانییو مۆرفۆلۆژییانەی، کە کاریگەرییان لەسەر دەرکەوتنی فۆنیمەکان هەیە". بەوجۆرە گشت گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکانی پەیوەست بە خستنەتەکیەکی مۆرفیمەکان بۆ دروستکردنی وشەو پێواژۆ سینتاکسییەکان، مۆرفۆفۆنیمی لێدەکەوێتەوە، کە دەبێتە دەروازەی فۆنۆلۆژیی مۆرفیمەکان، کەواتە دەشێت مۆرفیمەکان بەپێی دۆخە جیاوازەکان، گۆڕانیان بەسەردا بێت. بڕوانە (٨).

٨_ ا. /_ەوان/ + [باخ ⟵ /باخەوان/
ب./_ەوان/ + [مەلە] ⟵ /مەلەوان/

لە (٨_ا)دا مۆرفیمی /_ەوان/ بەبێ گۆڕان بە بناغەکەوە لکاوە، کەچیی لە (٨_ب)دا مۆرفیمەکە بەهۆی ژینگەو دەوروبەری فۆنۆلۆژییەوە، یاسای تێچوونی دەنگی بەسەردا جێبەجێبووە، فۆنیمی سەرەتای پاشگرەکە تیاچووەو فۆرمەکە بۆ [_وان] گۆڕاوە، چونکە یاسای فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیی، ڕێگەنادات دوو بزوێن بە دواییەکدا بێن. ئەم گۆڕانەش پێماندەڵێت، کە (ا) [_وان] ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی /_ەوان/و هەمان دەروازەی زانیاریی مۆرفۆلۆژیی هەیە. (ب) گۆڕانی فۆرمی مۆرفیمەکان، بەهۆی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە دیاریدەکرێت.

وەک پێشتر گوترا، ناواخنی فۆنۆلۆژیی مۆرفیم لایەنی ناکەرتییش دەگرێتەوە، کە ئەمجۆرە هاوشێوەی فۆنیمە سەرەکییەکان "ناتوانرێ پارچەپارچە بکرێنو جیابکرێنەوە" (موسی، ٢٠٠٧، ٢٠)، چونکە فۆنیمە ناکەرتییەکان هەموو ئەو دیاردە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگای گوتنەوە دەردەبڕدرێن، وەک (هێز- stress، زرنگە- pitch، تەوژم- accent، ئاوازە- intonation). بڕوانە (مەحویی، ٢٠١٦-ا، ٥٢٠)و (غریب، ٢٠١٩). ئەوەی پەیوەندیی بە توێژینەوەکەوە هەیە، تەرزی (هێز)ە، چونکە لەسەر وشەو مۆرفێمەکان دەرکەوتنی دەبێت. لەوبارەیەوە زۆربەی پێناسەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە هێز لە ڕووی ئۆرگانییەوە گوزارشت لە ڕادەی ئەو قورساییە دەکات، کە دەکەوێتە سەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی وشە، ئەو بڕگەیەی هێزی لەسەرە، قسەکەر بە شێوەیەکی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:68-86
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

جیاوازتر لە بڕگەکانی تر لە گوتندا دەریدەبڕێت. (مەعرووف، ٢٠٢٤، ٢٩)، بۆیە هەندێکجار دەشێت نیشاندانی جیاوازیی نێوان لاگرەکان، بەهۆی دیاریکردنی دەروازەی فەرهەنگیی فۆنۆلۆژییانەی لاگرەکانەوە، پەیوەست بە فۆنیمی ناکەرتیی تەرزی هێزەوە ڕوودات، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی فراوانکردنی دەروازەی فۆنۆلۆژیی لاگرەکانەوە. بڕوانە (٩_ا،ب).

٩_ا. /ناخۆش/
ب. <نارۆم>

لە نموونەی (٩_ا،ب) دا، مۆرفیمەکانی /نا_/ وەک دوو مۆرفیمی هاوبێژ دەردەکەون، لە کاتێکدا دەروازەی فۆنۆلۆژیی هەردوو مۆرفیمەکە ئەوە دەسەلمێنێت، کە دوو مۆرفیمی جیاوازن. بڕوانە دیاریکردنی دەروازەی /نا_/ی هەڵگواستن لە (١٠_ا)داو /نا_/ی ڕێزمانیی لە (١٠_ب)دا.

١٠_ا. /نا_/ی هەڵگواستن
+ لاگری هەڵگواستن
+ هەڵاوێرکردنی A
+ هێز
+ واتای نوێی فەرهەنگیی
+ بەرهەمهێنەری لێکسیمی نوێ

ب. /نا_/ ی ڕێزمانیی
+ لاگری سینتاکسیی
+ هەڵاوێرکردنی V
+ هێز
+ نەرێکردنی کردار
+ واتای نوێی ڕێزمانیی
- بەرهەمهێنەری لێکسیمی نوێ

دەروازەی فۆنۆلۆژیی مۆرفیمەکانی /نا_/ لە (١٠_ا،ب)دا ئەوە دەسەلمێنن، کە /نا_/ لە دروستەکانی /ناخۆش/، <نارۆم>دا، وەک دوو مۆرفیمی جیاواز لە فەرهەنگدا هەڵگیراون. بەوپێیەی /نا_/ وەک لاگری هەڵگواستن، لە فەرهەنگدا هێز لەسەرەو بە هێزەکەیەوە هەڵگیراوە، بەڵام پاش هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکەی لە چەشنی ئاوەڵناو، هێزەکەی دەچێتە کۆتایی وشە هەڵگوێزراوەکە، ئەوکات هێزی سەر لاگرەکە نامێنێت، کەچیی /نا_/ لە <نارۆم>دا، لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە هێزەکەی پارێزراو دەبێت، واتە هێز لەسەر لاگرەکە دەمێنێتەوە. هەموو ئەمانە دەبنە پاساو بۆ بوونی دوو لاگری جیاواز لە فەرهەنگدا، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە باوەوە، کە لەسەر بنەمای دروستە، هەردوو لاگرەکە بە فۆرمی هاوبێژ لەقەڵەمدەدات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، هەرچەندە هێز لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا لێکدەدرێتەوە، بەڵام لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا جێبەجێدەکرێت و دەبێتە دەروازەیەکی فۆنۆلۆژیی لەتەک کەرەستە مۆرفۆلۆژییەکانداو لە فەرهەنگدا گەنجدەکرێت.

**٢-١/٢ دەروازەی مۆرفۆلۆژییو واتایی مۆرفیمەکانی هەڵگواستن**

بەوپێیەی، هەردوو دەروازەی مۆرفۆلۆژییو واتایی مۆرفیمەکانی هەڵگواستن بەیەکداچوونو ناتوانرێت هێڵیکی جیاکەرەوە لەنێوانیاندا دابنرێت، بۆیە کۆڵینەوە لە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن، پەیوەستە بە هەردوو دەروازەکەوەو لەیەکجیاناکرێنەوە. لەڕووەشەوە هەر توخمێکی فەرهەنگیی، نیشانەو ئەدگار/ زانیاریی مۆرفۆلۆژیی خۆی تێدا هەڵگیراوە، هەربۆیە مۆرفیمەکانیش هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژیین، بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەش لەلایەن ئاخێوەرەوە بەپێی یاساو ڕێسا دیاریکراوەو پێڕەوبەندانەیە (سەعید، ٢٠١٩، ١٦). مۆرفیمەکانی هەڵگواستن هەڵگری زانیاریی مۆرفۆلۆژیینو ئاخێوەرانی زمانیش بەپێی سەلیقەو ئاگایی مۆرفۆلۆژییانە، زانیارییەکان بۆ دروستکردنی فۆرمی مۆرفۆلۆژیی ناسادەی دروست بەکاردەهێنن. بەمپێیە مۆرفیمەکانی دارشتن وەک سەری ڕێزمانییو توخمی پرۆژەسازدەر، بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە تێیدا گەنجکراوە، کەتیگۆریی جیاواز وەک تەواوکەر هەڵاوێردەکەن (والی، ٢٠٢٣، ٨،٦). ئەمەش وادەکات توانستی مۆرفۆلۆژیی قسەپێکەرانی زمانێک لە سەلیقەی زمانییان لە بارەی دروستە مۆرفۆلۆژییەکانو دروستداڕشتنیاندا دەربکەوێت(ئەحمەد، ٢٠١٠، ٥)، هەروەها بەهۆی هەبوونی ڕێساکانی خستنەتەکیەکو بەکاربردنی ئەو کەرەستەو داتایانەوە، مۆرفۆلۆژیی وەکو پێکهاتە پەسندەکرێت، تێیدا مۆرفیمەکان بە گوێرەی تەرزە مۆرفۆلۆژییە جیاوازەکانو یاساکان بۆ دروستکردنی یەکەی مۆرفۆلۆژیی گەورەتر لەیەکدەدرێن. (سەعید، ٢٠١٩، ١٦).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بۆ ئەوش لاگرەکانی هەڵگواستن لە ڕێی یاساکانی هەڵگواستنەوە، بە هەڵاوێرکردنی بناغەی جیاواز، فۆرمی مۆرفۆلۆژیی دروستدەکەن. بڕوانە یاسای (٢)و نموونەکانی (١١).

(٢) ا- $[Y] + /X^{-1}/ \longrightarrow X^0$
ب- $/X^{-1}/ + [Y] \longrightarrow X^0$

| ١١_ مۆرفیمی هەڵگواستن $/X^{-1}/$ | هەڵاوێرکردنی بناغە | | نواندنی مۆرفۆلۆژیی |
|---|---|---|---|
| ا. /_چە/ | $[باخ]^N$ + /_چە/ | ← | $/باخچە/^N$ |
| ب. /_ڕا/ | $[کردن]^N$+/_ڕا/ | ← | $/ڕاکردن/^N$ |
| پ. /_یی/ | $[پیاز]^N$ +/_یی/ | ← | $/پیازیی/^A$ |
| ت. /_نا/ | $[خۆش]^A$ + /_نا/ | ← | $/ناخۆش/^A$ |

نموونەکان دەربڕی ئەوەن، مۆرفیمەکان هەرمەکیانە ناچنەتەکیەک، بەڵکو بەپێی زانیارییە مۆرفۆلۆژییە تێدا هەڵگیراوەکانیان، یاساو ڕێساکانی وشە دروستکردن پەیڕەودەکەن و پابەندی تەرزە دروستەییە مۆرفۆلۆژییەکان دەبن، "بە جۆرێک پێشبینیدەکرێت، کە لاگرەکان وەک کەتیگۆریی بەدەسەڵات، بناغەکان هەڵاوێربکەن، بەوەش ئەو زانیارییانەی لەناو وشەو مۆرفیمەکاندا بە شێوەی ئەبستراکت هەڵگیراون، نواندنە مۆرفۆلۆژییەکان بەرجەستەیاندەکەن" (سەعید، ٢٠١٩، ١٧)، کە بەهۆی پۆلەرەگەزدیاریکردنی مۆرفۆلۆژییانەMorphological Sub categorizationەوە دەنوێنرێن، بەوپێیە نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی بەرهەمهاتووەکان ئەوە نیشاندەدەن، کە "ڕیزبوونی مۆرفۆلۆژییانە هاوشێوەی ڕیزبوونی فەرهەنگیانەی مۆرفیمی داڕشتنو بناغەکەی نییە" (مەعرووف، ٢٠٢٠، ٨-٩)، بە واتا مەرج نییە پەیکاڵی یەک بن، هەروەک نواندنی مۆرفۆلۆژییانەی پاشگر Suffixەکان بەڵگەی ئەو ڕاستییەن، کەچیی بەپێچەوانەوە لە نواندنی دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکاندا بەهۆی پێشگر prefixەکانەوە، لاگرەکانی هەڵگواستن و تەواوکەرە هەڵاوێرکراوەکەی، پەیکاڵی یەکن، ئەویش لەڕووەوەیە، کە پێشگرەکان پەیوەست بە پارامێتەرەوە، ڕێسای سەرسەرەتا پەیڕەودەکەن. لەلایەکی دیکەوە نموونەکان ئەوە نیشاندەدەن، لە پێواژۆی هەڵگواستندا، مەرج نییە دەرکردەکە هەمان پۆلەرەگەز/ کەتیگۆریی بناغە هەڵاوێرکراوەکەی هەبێت/ هاوپۆلەرەگەز بن، وەک لە (١١_پ)دا بەرچاودەکەوێت. بەوەش دەرکردەی هەر پێواژۆیەکی هەڵگواستن، بە نیشانەی واتایی تایبەت بە خۆیانەوە گەنجەدەکرێن، واتە بە لایەنی کەمەوە یەکێک لە نیشانەکانی دەرکردەکە لە نیشانەی واتایی بناغەکە جیاواز دەبێت، بڕوانە (١٢).

١٢- /_دان/ + [/گوڵ/] ← /گوڵدان/


| /_دان/ | [/گوڵ/] | /گوڵدان/ |
|---|---|---|
| + هەڵاوێرکردنی ناو | + ناو/ N | + ناوی شوێن |
| + هەڵگوێزەری ناوی شوێن | + ڕووەک | + کەرستە |
| + هەڵگری واتای بچووکیی ڕووبەر | + گەشەکردن | - گەشەکردن |

مۆرفیمەکانی هەڵگواستن بەپێی زانیارییەکانی ناواخنیان توخمی بەدەسەڵاتن لە هەڵاوێرکردنی تەواوکەرەکانیاندا، بۆیە زانیارییە مۆرفۆلۆژییو واتاییەکانیان بۆ تەواوکەرەکانیان دەگوێزنەوە، کە تێیدا "لاگرەکان بەپێی زانیاریی چەشنە پۆلێنکراوەکەی، جۆری پۆلەرەگەزەکان دیاریدەکەن" (سەعید، ٢٠١٩، ١٦)، واتە لاگرەکان سەری وشە هەڵگوێزراوەکان پێکدەهێننو زانیاریی واتایی خۆیان بەسەر دەرکردەکە زاڵدەکەن، بە جۆرێک دەسەڵاتی واتاییو دروستەییان هەیە بەسەر فۆرمە تازە دروستبووەکانو کاریگەریشیان لەسەر دەرکردەو واتاییەکان دەبێت، بڕوانە (قادر، ٢٠٠٠، ٦٢)و (سعید، ٢٠١٥، ٣٣)، ئەمەش وادەکات کاتێک لاگر تەواوکەرێک هەڵاوێردەکات، لە دەرکردەکەیدا واتای لاگرەکە بەسەر واتای تەواوکەرەکەیدا زاڵبێت. بڕوانە نموونەکانی (١٣).

١٣- ا. /_ستان/ + [کورد] ← /کوردستان/ بڕوانە هێڵکاریی (٨)
ب. /_گەر/ + [ئاسن] ← /ئاسنگەر/ بڕوانە هێڵکاریی (٩)
پ. /بە_/ + [تام] ← /بەتام/ بڕوانە هێڵکاریی (١٠)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:68-86 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)




هێڵکاریی (٨) هێڵکاریی (٩) هێڵکاریی (١٠)

لە نموونەی (١٣_ا)دا، /_ستان/ هەڵگری واتای شوێنەو [کورد] وەک تەواوکەر هەڵاوێردەکات، کە واتای (نەتەوە) دەبەخشێت، دەرکردەی پرۆسەکەش /کوردستان/ە، تێیدا دەسەڵات و زاڵێتیی واتای پاشگرەکە لە کۆی دروستەکەدا دەردەکەوێت، بەوپێیەی پاشگرەکەی /_ستان/، فیچەری [+ شوێن]ی بە بناغەکە بەخشیوە، بۆیە زانیاریی سیمانتیکیی بناغەکەی لە (ناوی نەتەوە)وە بۆ (ناوی شوێن) گۆڕیوە، ئەوەش وادەکات وشە مۆرفۆلۆژییەکە بەو فیچەرە سیمانتیکییەوە، دەرفەتی گۆکردنی لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری شوێنییدا هەبێت. بە هەمانشێوە لە نموونەی (١٣_ب)دا پاشگری/_گەر/ دروستەو واتای نوێی بە لێکسیمە هەڵگوێزراوەکە بەخشیوەو بناغەکەی لە ناوی (کانزا)وە بۆ ناوی (پیشە) گۆڕیوە، واتە دەرکردەکە بە دەروازەی مۆرفۆلۆژیی و واتایی نوێوە چووەتەوەناو فەرهەنگ. لە نموونەی (١٣_پ)یشدا جگەلەوەی پێشگری /بە_/ پۆلەرگەزی تەواوکەرەکەی لە (ناو)ەوە بۆ (ئاوەڵناو) گۆڕیوە، واتای (چۆنێتیی)یشی بە دروستە هەڵگوێزراوەکە بەخشیوە.

شیکردنەوەکانی سەرەوە پەیوەست بە دەروازەی مۆرفۆلۆژیی و واتاییەوە ئەوە دەسەلمێنن، کە دەرکردەی پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان، دەکرێنە بنەماو لەڕێیانەوە زانیارییە مۆرفۆلۆژیی و واتاییەکان هەڵدەهێنجرێن و لە دەروازەی توخمەکەدا دیاریدەکرێن، بەوپێیەی (ا) لەلایەک دەرکردە مۆرفۆلۆژییەکان، پرۆژەی سەرەکیانن، بۆیە زانیارییە ئەبستراکتەکانی نێو توخمە بەرهەمهێنەرەکە لە کۆی دروستەکەدا بەرجەستەدەبێت. (ب) خاڵی (ا) دەربڕی ئەو ڕاستییەیە، کە نواندنە مۆرفۆلۆژییەکان، هەلی دەستپێداگەیشتنی ئاخێوەر بۆ زانیارییە نادیارو ئەبستراکتەکەی ناواخنی مۆرفیمەکان دەرەخسێنن و پەسنیاندەکەن. بڕوانە (١٤، ١٥)و بە یەک بەراوردیانبکە.

١٤_ هەڵخستن
١٥_ ا. دابەزین
ب. * دافڕین

لە (١٤)دا، لێکسیمە هەڵگوێزراوەکەی /هەڵخستن/ بەهۆی /هەڵ_/ەوە ئەوەمان پێدەڵێت، کە /هەڵ_/ بە فیچەری [+ ئاراستەی سەرەوە] گۆیکردووە، کەچیی لە (١٥_ا)دا، لاگری /دا_/ هەڵگری فیچەری [+ئاراستەی خوارەوە]یە. بەوەش پەیوەست بە ئاراستەوە، فیچەرەکانی /هەڵ_، دا_/ لە پەیوەندیی پێچەوانەدان، بۆیە لاگری /دا_/ بناغەی /فڕین/ لە (١٥_ب)دا هەڵاوێرناکات، چونکە فیچەرەکانی نێوان سەرە هەڵاوێرکەرەکەی لاگرو تەواوکەرەکەی، هاوتەریب نین، بەڵکو ئاراستەی /دا_/ بۆ خوارەوەو /فڕین/یش بۆ سەرەوە. کەواتە "کۆتوبەندی هەڵاوێرکردن بەشێکە لە دەروازەی فەرهەنگیی کەرەستە فەرهەنگییەکان" (حسەین، ٢٠١١، ٥٧). مۆرفیمەکانی هەڵگواستنیش، کە کەرەستەی فەرهەنگیین، لە پێکهێنانی وشەی ئاڵۆزدا کۆتوبەندی واتاییان بۆ تەواوکەرەکانیان پێیە، بەتایبەت لە ڕووی هەڵاوێرکردنی جۆری کەتیگۆرییەوە، واتە لاگرەکان بڕیاری هەڵبژاردنی تەواوکەرەکەرەکانیان دەدەن، کە نیشانە واتاییەکانیان لەتەکیەک گونجاو ڕێککەوتوو بن.

### ٣-١/٢ دەروازەی سینتاکسیی مۆرفیمەکانی هەڵگواستن

مۆرفیمەکان جگەلە گۆڕینی دروستەو واتای فۆرمە مۆرفۆلۆژییەکان، هەندێکجار دەبنەهۆی گۆڕینی زانیارییە سینتاکسییەکانی توخمێکی مۆرفۆلۆژیی فەرهەنگیی. لەڕووەوە گرنگە پرسیاری ئەوە بکرێت، ئایا هەموو مۆرفیمێک توانای گۆڕینی دەروازەی سینتاکسیی هەیە؟ ئەو مۆرفیمانە کامانەن، کە ئەو ڕۆڵە دەبینن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، هەوڵی خستنەڕووی زانیاریی ناواخنی ئەو مۆرفیمانە دەدرێت، کە کردارەکان وەک تەواوکەر هەڵدەبژێرنو کرداری هەڵگوێزراو بەرهەمدەهێنن. بۆ ئەوەش پێشبینییدەکرێت مۆرفیمەکانی /پێ_، تێ_، لێ_/، فۆرمی نوێ بە دەروازەی سینتاکسیی نوێوە دابڕێژن، ئەوانیش بە پێشناوی فەرهەنگیی، یان پێشناوی نارەسەن ناودەبرێن. بەوپێیەی فۆرمە فەرهەنگییەکەیان لە سینتاکسدا لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە گۆڕانیان بەسەردا دێتو دەگۆڕێن بۆ پێشناوی سینتاکسیی. بڕوانە (مەحویی، ٢٠٠١، ٥٦). ئەم مۆرفیمانە لەگەڵ هەندێک کرداردا، جگەلە شکانەوەی فۆرمەکانیان لە سینتاکسدا، زانیارییە واتاییو سینتاکسییەکانی کردارە فەرهەنگییەکانیش دەگۆڕنو کرداری ناواخن

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

جیاواز هەڵدەگوێزن، واتە ئەم مۆرفیمانە لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییدا دروستەی کردارەکان دەگۆڕن، لە ڕووی ئەرکیشەوە لە پێکهاتەی سینتاکسدا "بۆ فۆرمی پێشناوی سینتاکسی دەشکێنەوەو لەگەڵ تەواوکەرەکەیاندا، پرۆژەی فرێزی پێشناویی PP بەرهەمدەهێنن". (سەعید، ٢٠١٩، ١٠٣). بڕوانە (١٦_ا، ب).

١٦_ ا. /پێدان/
ب. /تێدان/
پ. /لێدان/

لە (١٦_١، ب، پ)دا کردارەکان جگەلە گۆڕینی فۆرمو واتایان بەهۆی پێشگرەکانەوە، زانیاریی‌و ناواخنی سینتاکسییشیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بڕوانە (١٧)

١٧_ ا. کوردستان شەهیدی دا. /دان/
ب. مامۆستاکە دیاری بە خوێندکارەکان دا. ~ مامۆستاکە دیاری دا بە خوێندکارەکان. /پێدان/
پ. مێروولەکان لە شەکرەکەیان دا. /تێدان/
ت. منداڵەکە لە زەنگی دا. /لێدان/

لە(١٧_ا)دا ناوی کرداریی/دان/ هێز_تێپەڕەو تەواوکەرێک لە جۆری DP لە ناواخنیدا هەڵگیراوە، کەچیی لە (١٧-ب)دا کردارە فەرهەنگییەکە لە ڕێی مۆرفیمی هەڵگواستنی/پێ_/وە ناواخنە سینتاکسییەکەی فراونبووەو ویستی فەرهەنگیی جگەلە DP بۆ تێرکردنی فرێزە کردارییەکە، تەواوکەرێکی دیکەی لە جۆری PP ی داواکردووە. لە (١٧_پ،ت)دا کردارە فەرهەنگییەکەی لە ڕێی مۆرفیمەکانی /تێ_ ، لێ_/وە، هەرچەندە ویستە فەرهەنگییەکەی فراواننەبووە، بەڵام چەشنی تەواوکەرەکەی لە DP وە بۆ PP گۆڕاوە.

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو کە مۆرفیمەکانی /پێ_ ، تێ_ ، لێ/ کاتێک دێنە سینتاکسەوە، هەڵسوکەوتی جیاوازیان هەن، بەوپێیەی لە فەرهەنگدا توانای پێدان و وەرگرتنی دۆخیان نییە، بەڵکو لە سینتاکسدا دۆخ بە تەواوکەرەکانیان دەدەن، دۆخ وەرگرەکانیش دەبێت فرێز بن، بڕوانە (مەعرووف، ٢٠٠٩، ١٤-١٩)، (حاتەم محەمەد، ١٨٧-٢١١). بۆ نموونە لە ڕووی ئەرکەوەن پێشناوی سینتاکسیی دۆخدەدات، وەک پێشناوەکانی /بە، بۆ، لە/، کە "حوکمی دۆخی ڕێزمانیی تەواکەرەکانیان دەکەن‌و دۆخی ڕێزمانی بەو فرێزە ناوییانە دەبەخشن". (مەحویی، ٢٠٠١، ٥٧)، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە /پێ_ ، تێ_ ، لێ_/ لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییداو لە دروستەی کردارە هەڵگوێزراوەکاندا توانای پێدانی دۆخیان نییە، بەڵام کاتێک لە سینتاکسدا بۆ پێشناوەکانی (بە، لە،ە) دەشکێنەوە، دۆخی داتیڤیی بە تەواوکەرەکانیان دەبەخشن‌و حوکمیاندەکەن، پاشان فرێزە پێشناوییەکەش لەلایەن کردارەکەوە دۆخی ئەکوزەتیڤیی/ بەرکاریی پێدەدرێت، چونکە دەبن بە بەشێک لە دروستەی فرێزە کردارییەکان‌و وەک تەواوکەر گۆدەکەن، بەوەش دەروازەی سینتاکسیی پێشناوە فەرهەنگیی و سینتاکسییەکانیش لەیەکجیاواز دەبن.

جگەلەو مۆرفیمانەی ئاماژەیانپێکرا، هەندێک مۆرفیمی دیکە دەتوانن بەهۆی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانەوە ئەرکێکی سینتاکسیی بۆ دەرکردەکانیان دەستەبەربکەن. بڕوانە (سەعید، ٢٠١٩، ١٣٣-١٣٥) بۆ نموونە پاشگری /_دان/، کە هەڵگوێزەری ناوی شوێنە، کاتێک ناوێک هەڵاوێردەکات، ئەوا نیشانەی [+شوێن] بە دەرکردەکەی دەدات. بڕوانە (١٨).

١٨_ ا./_دان/ + [گوڵ] ⟵ /گوڵدان/
ب. * دایکم گوڵێکی لە گوڵەکە دەرهێنا
پ. دایکم گوڵێکی لە گوڵدانەکە دەرهێنا.

لە (١٨_ا)دا، پاشگری /_دان/ ناوێکی نوێی هەڵگواستووە، کە /گوڵدان/ە، بەوەش دەرکردەکە جیاواز لە بناغەکەی، بە نیشانەی [+ناوی شوێن]ەوە پەسەنددەکرێت، ئەوەش وادەکات بەهۆی (لە)وە، ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ دروستەکە دەستەبەربکرێت‌و بە جێکەوتە ئەرکی ئاوەڵکرداری شوێنیی پێبدرێت. کەواتە بەرهەمهێنانی دروستە مۆرفۆلۆژییەکەی /گوڵدان/، لە ڕووی دروستەییەوە زانیاریی سینتاکسیی نییە، بەڵکو پەیوەست بە بنەما ئەرکییەکەیەوە ئەو ڕۆڵەی دەبێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**٤-١/٢ دەروازەی پراگماتیکیو ئیدیەمیی مۆرفیمەکانی هەڵگواستن**

هەندێک لە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن جگەلە زانیاریی (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکسییو واتایی)، پێدەچێت زانیاریی پراگماتیکییش لە دەروازەکانیاندا گەنجکرابێت، بەوەش پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان لە بەرهەمهێنانی واتای پراگماتیکییشدا گرنگو بەهادارن، بە واتا مۆرفیمەکانی هەڵگواستن جگەلە واتای سیمانتیکیی، واتای پراگماتیکییش بەپێی دەوروبەری کۆمەڵایەتیی بەرهەمدەهێنن. لەڕووەوە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن " تەنها ملکەچی بنەما سیمانتیکییەکان نابن، بەڵکو هەڵگری ئەرکی پراگماتیکیشن، بە وشەیەکی تر، مۆرفیمەکان هەڵگری هەردوو واتای سیمانتیکییو واتای هەڵێنجراوی پراگماتیکین" (ئەحمەدو سەعید، ٢٠١٥، ١٠٨)، هەربۆیە پەیوەندیی نێوان پراگماتیکو مۆرفیمەکانی هەڵگواستن، لەسەر بنەمای مۆرفۆپراگماتیک لێکدەدرێتەوە، بڕوانە (سەرچاوەی پێشوو)، (ئیبراهیم، ٢٠١٤)، ئەوەش پێماندەڵێت لەناو دروستە مۆرفۆلۆژییەکاندا، دەشێت مۆرفیمەکانی هەڵگواستن بەرهەمهێنەری واتای پراگماتیکیی بن، بڕوانە (١٩)و (٢٠)و بە یەک بەراوردیانبکە.

١٩_ گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانییە.
٢٠_ ئەم وڵاتە خەریکە دەبێت بە گۆڕستان!

لە (١٩)دا /گۆڕستان/ دروستەیەکە بە هۆی پاشگری /_ستان/ەوە بەرهەمهاتووەو واتایەکی سیمانتیکییو فەرهەنگیی گەیاندووە، کە ئاماژەیە بۆ شوێنێک گۆڕی زۆری تێدا بێت، بەوپێیەی پاشگری /_ستان/ لە فەرهەنگدا بە نیشانەکانی [+زۆریی، +فراوانیی ڕووبەر] هەڵگیراوە، لەڕووەوە ئاخێوەری کورد بەپێی ئاوەزمەندیی زمانیی بۆ هەر دیاردەیەک، کە هەڵگری فیچەری [+زۆریی] بێت، پاشگرەکە بۆ گەیاندنی واتای (سیمانتیکیی، یان پراگماتیکیی)یەکەی بەکاردەهێنێت، بڕوانە /گۆڕستان/ لە (٢٠)دا، کە واتایەکی پراگماتیکیی دەگەیەنێت، کە بەپێی دەوروبەری گوتنەکە ئاماژەیە بۆ زۆریی مردن لە وڵاتدا، لە ڕوونکردنەوەکانی سەرەوەدا ئەوە بەدەستدێت، کە ئاخێوەر نیشانەی [+زۆریی] بۆ واتای پراگماتیکیی مارکەکردووەو بەکاریهێناوە. لەڕووەشەوە زۆرجار ئاخێوەر بە ئانالۆژیی، فۆرمی بەلێکسێمنەبووی پراگماتیکیی بەهۆی پاشگرەکەوە بەرهەمدەهێنێت، وەک (حزبستان، گەندەڵستان، ئاگرستان، هیچستان، دڵستان،...). بڕوانە (٢١)

٢١_ ئالان نەک شاخەوان، تەپۆڵکەوانیش نییە.

لە (٢١)دا، لاگری /_ەوان/ لە /شاخەوان/دا بۆ گەیاندنی واتایەکی سیمانتیکییە، کە هەڵگوێزەری ناوی چالاکییەکی تایبەتە بە حەزو خولیاو چێژی کەسیی، یان وەرزش و تەندروستیی، کەچیی ئاخێوەر لە فۆرمی بەلێکسێمنەبووی (تەپۆڵکەوان)دا، بۆ واتایەکی پراگماتیکیی بە مەبەستی توانج، یان کەمکردنەوەی بەهای چالاکییەکە بەکاریهێناوە، چونکە /تەپۆڵکە/ بەراورد بە /شاخ/، هەڵگری نیشانەکانی [+ بچوکتر، + نزمتر، - سەخت، + توانای سەرکەوتن....هتد]یە.

بە گشتی مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە دەشێت واتای پراگماتیکییان لێهەڵبهێنجرێت، بەوپێیەی" لە زۆربەی زمانەکاندا فۆرمە بچووککراوەکانی وشەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بۆ بچووکی قەبارەی شتە ئاماژەپێکراوەکان ناکەن، بەڵکو بۆ بەهایەکی ئەرێنیی یان نەرێنییە" (حاتەم محمد، ٢٠١٩، ٣٢). واتە ئاخێوەر بەپێی دەوروبەری گوتنەکان بۆ کۆمەڵێک واتاو مەبەستی وەک (نازداریی، خۆشەویستی، بەکەمزانین، شکاندنو بێزیزیی،...) بەکاریدەهێنێت، مارکەکردنی هەریەک لەم مەبەستو واتایانە لەلایەن ئاخێوەرەوە، لێکەوتەی هەڵهێنجانی واتای پراگماتیکیی دەبێت، بڕوانە (٢٢).

٢٢_ ا. جووجەڵە، تۆ چیت پێدەکرێت؟!
ب. خۆیکردووە بە کچۆڵە.

لە نموونەکاندا هەردوو مۆرفیمی بچووکردنەوەی /_ڵە، _ۆڵە/ بە واتای فەرهەنگیی بەکارنەهاتوون، بەڵکو واتایەکی پراگماتیکییان گەیاندووە، بە جۆرێک لە (٢٢_ا)دا، /جووجەڵە/ واتایەکی خوازراوی بۆ مرۆڤ گەیاندووە، کە واتای پراگماتیکیی [+بێزیزیکردن]و [+کەمتوانایی] گەیاندووە. لە (٢٢_ب)یشدا /کچۆڵە/ بۆ واتایەکی پراگماتیکییو بە مەبەستی توانج بۆ کەسێک بەکارهاتووە، کە تەمەنی گەورەیەو وەک کچێکی تەمەن منداڵ ڕەفتاردەکات. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (سەعید، ٢٠١٣، ٦٤-٦٧).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)


ص:68-86 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە هەندێک لە مۆرفیمەکانی هەڵگواستن، جگەلە واتای پراگماتیکیی، توانای بەرهەمهێنانی وشەیی هەڵگویزراوی ئیدیەمییشیان هەیە، کە دەکرێت وەک مۆرفۆپراگماتیکیی ئیدیەمیی لێکبدرێتەوە، بەوپێیەی "ئیدیەم دەربڕینی فرە وشەیی یان فرە مۆرفیمین لە زماندا، سیمای تایبەتێتیو فۆرمی چەسپاوو واتای نادارشتەیی (non-composionalty) جیاکەرەوەی خۆیانیان هەیە، کە فۆرمێکی بەقاڵببوویان هەیە، لەگەڵ واتایەکی تێکچرژاو" (حسەین، ٢٠١٣، ٩٩). بەوەش ناتوانرێت واتای ئیدیەمەکان لە سەگمێنتە پێکهێنەرەکانی دروستەی ئیدیەمەکانەوە بەدەستبهێنرێت. بۆ زانیاریی لەبارەی ئیدیەمەوە، بڕوانە (فەتاح، ١٩٨٦)و (حسەین، ٢٠٠٩).

لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا لەبارەی ئیدیەمەوە، زیاتر (وشەی لێکدراو، فرێزو ڕستە) کراونەتە کەرەستەو کاریان لەسەر کراوە، بە پێچەوانەوە زۆر بە کەمیی، وشەی هەڵگویزراوی مۆرفۆلۆژییانە بەهەندوەرگیراوە، بۆیە لەم وەچەپارەدا تیشکدەخەینەسەر هەندێک لەو مۆرفیمانەی هەڵگواستن، کە توانای بەرهەمهێنانی واتای ئیدیەمییان هەیە، بڕوانە (٢٣)، (٢٤)و(٢٥).

٢٣_ /_چیی/+ [ماستاو، کڵاو، ساختە،...] ⟵ /ماستاوچیی، کڵاوچیی، ساختەچیی/

پاشگری/_چیی/ لە فەرهەنگدا هەڵگری نیشانەی واتایی [+پیشە، +وەستایی، ±دروستکردن، +بەکارهێنان]ە. بڕوانە (ئەحمەد، ٢٠١٠، ٧٧)، بەڵام لە (٢٣)دا هەریەکێک لەو دەرکردانەی بەهۆی پاشگری/_چیی/ەوە بەرهەمهاتوون، واتایەکی ناپێکهاتەییان هەیەو ناتوانرێت لەرێی سەگمێنتە پێکهێنەرەکانیانەوە لێکبدرێنەوە. بۆ نموونە /ماستاوچیی/ واتایەکی ئیدیەمیی نەرێنیی هەیەو بۆ کەسێک بەکاردێت، کە (مەسڵەحەتچیی بێتو لەپێناوی سوودو بەرژەوەندییدا، خۆی لە کەسی بەرانبەر نزیکبخاتەوە)، نەک بە واتا فەرهەنگییەکەی، کە دروستکردنی ماستاوە بە نیشانەی [+خواردنەوە]وە. هەروەها /کڵاوچیی/یش بە واتا ئیدیەمییەکەیەوە، بۆ (کەسی فێڵبازو زۆرزان) بەکاردێت، نەک سیمانتیکییانە بۆ پیشەی دروستکردنی کڵاو. /ساختەچیی/یش بە واتای (فێڵباز، یان دەستبڕ) بەکاردێت. زۆرجار وشەکانی / کڵاوچیی، ساختەچیی/، پراگماتیکییانە بۆ کەسی قسەخۆشو گاڵتەجاڕ بەکاردەهێنرێت. لە هێڵکارییەکانی(١١)و (١٢)دا جیاوازیی واتای پێکهاتەییو ناپێکهاتەیی/ ئیدیەمیی بەهۆی پاشگری /_چیی/یەوە دەخرێتەڕوو.




هێڵکاریی (١٢) هێڵکاریی (١١)

٢٤_ /بە_/ + [جەرگ، دەمار،...] ⟵ /بەجەرگ، بەدەمار/

پێشگری/بە_/ لە فەرهەنگدا بە نیشانەکانی [+چۆنێتیی، +هەبوون/ خاوەنێتیی]یەوە هەڵگیراوە، بڕوانە دروستەکانی /بەهێز، بەتام/، کە واتایەکی فەرهەنگییان هەیە، کەچیی لە (٢٤)دا، لاگرەکە لە /بەجەرگ/دا بە واتای هەبوون نایەت، بەڵکو واتایەکی ئیدیەمیی گەیاندووە، کە (چاونەترسییو بوێریی)یە، واتە "دلێرو نەترسە" (سوبحانی، ٢٠١٢، ٦٤). /بەدەمار/یش بە واتای (ڕەسەن) دێت، کە واتایەکی ئیدیەمییە.

٢٥_ /بێ_/+ [پشت، ڕوو، گوێ...] ⟵ /بێپشت/ بێپشتوپەنا، بێڕوو/ بێچاووڕوو، بێگوێ/

لە فەرهەنگدا پێشگری /بێ_/ هەڵگری نیشانەی [+ پێچەوانە، + نەرێکردن/ نەبوون]ە، دەرکردەکان لە (٢٥)دا واتایەکی ناپێکهاتەییان هەیە، چونکە بە واتا سیمانتیکییەکەی نایەت، کە نەبوونی ئەندامێکی جەستەیە، بەڵکو /بێپشت/ (بۆ کەسێک بەکاردێت، کە برا، یان ئامۆزای لە توخمی نێر) نەبێت، /بێڕوو/ش بە واتا (کەسی بێشەرموشکۆ)، /بێگوێ/ (کەسێک، کە لاسار بێتو گوێ بۆ قسەی کەس نەگرێت).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئەنجام**

١. تیۆری دەروازەی فەرهەنگیی، بۆ هەڵهێنجانی زانیاریی زگماکیی ناواخنی توخمەکان و دیاریکردنی دەروازەکانیان، گرنگ و بەهادارە. جۆراوجۆریی ئەو زانیاریيانەش پەیوەست بە مۆرفیمەکانی هەڵگواستنەوە، بەڵگەیە بۆ بوونی دەروازەی فەرهەنگیی جیاواز. لەسەر ئەو بنەمایەش، لاگرەکانی هەڵگواستن وەک توخمی بەدەسەڵاتX$^{-1}$، حوکمی پرۆژە مۆرفۆلۆژییەکانیان دەکەن، بە جۆرێک لەڕووی دروستەیی و واتاییشەوە، نیشانەکانی لاگرەکە بەسەر کۆی دروستە بەرهەمهاتووەکەدا زاڵدەبێت و لە نواندنەکەیدا بەرجەستەدەبێت.

٢. پەیوەست بە خاڵی (١)ەوە، دەروازەی فەرهەنگیی، جیاوازیی نێوان تێکردەو دروستە مۆرفۆلۆژییەکان نیشاندەدات و ئەوە دەسەلمێنێت، کە پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکان بۆ بەرهەمهێنانی وشەی هەڵگوێزراون، بۆیە بناغەو دروستە هەڵگوێزراوەکان دوو دەروازەی جیایان دەبێت. ئەوەش وادەکات هەموو ئەو زانیاریيانەی بۆ دیاریکردنی تایبەتێتیی لاگرەکان گرنگن، لە مەودای دەروازەیەکی فەرهەنگییدا نیشانبدرێن. بەوەش دەروازەی فەرهەنگیی مۆرفیمەکان (ا) لەلایەک هۆو هۆکاری ناسینەوەو پەیبردن بە ئەدگارەکانی ئەو لاگرانە دەبێت، (ب) لەلایەکی دیکەشەوە جیاکاریی زمانیی لاگرەکان، لەڕێی دروستە مۆرفۆلۆژییە جیاوازەکانەوە دەردەخات. بڕوانە /_یلە/ لە /وردیلە، مستیلە/دا.

٣. ئاگایی ئاخێوەر لەبارەی کەسێتیی توخمە مۆرفۆلۆژییەکەی لاگرەوە، وابەستەی دەروازەی زانیارییەکانیەتی پەیوەست بە (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و سیمانتیک)ەوە، سەرباری ئەوەی، دەکرێت واتای پراگماتیکیی و ئیدیەمییش بەهۆی لاگرەکانەوە دەستبخرێت، بوونی ئەو زانیاریيانەش لە ناواخنی توخمە مۆرفۆلۆژییەکەی لاگردا پێشبینیکراو دەبێتو وادەکات، مۆرفیمەکانی هەڵگواستن بە دەروازەی پراگماتیکییو ئیدیەمییشەوە گەنجبکرێن. لە ڕوانگەی کۆی دەروازەکانیشەوە، دەستخستنی دروستەی هەڵگوێزراو بەپێی تیۆری X-barی مۆرفۆلۆژییانە، مسۆگەر دەبێت.

**لیستی سەرچاوەکان**

**بە زمانی کوردیی:**


١- احمد، تریفە عمر (٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکانی، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٢- احمد، تریفە عمر (٢٠١٥)، زانیاریی پراگماتیکی لە کرداردا، گۆڤاریی زانکۆی سلێمانی_بەشی **B**، ژمارە (٤٦)، ل ٣٧-٦٠.
٣- تۆفیق، لیمۆ محمود (٢٠٢٤)، دەنگسازیی فەرهەنگیو دوافەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٤- حسەین، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، ئیدیۆم چەشنو پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆژیی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٥- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١١)، پەیوەندیی سینتاکسو سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٦- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١٣)، مۆرفۆپراگماتیکیی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاریی زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٣٨)، ل ٩٩-١٢٠.
٧- سوبحانی، جەلال مەحمود عەلی (٢٠١٢)، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، بەرگی (یەکەم، دووەم، سێیەم)، چاپخانەی بینایی.
٨- سعید، محەمەد مەجید (٢٠١٥)، فەرهەنگـو پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٩- سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٣)، پێزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
١٠- سەعید، سازان زاهیر(٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١١- شێخ تەیب، شەهاب (٢٠٢١)، فەرهەنگسازی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی.
١٢- طاهر، ژاڵە عبدالله(٢٠٢٢)، دەروازەو زانیاریی مۆرفۆلۆژییانە لە زمانیی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٣- فتاح، محمد معروف(١٩٨٦)، دیسان ئیدیەم، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق(دەستەی کورد)، بەرگی (١٥)، ل ٦٨_١٣٨.
١٤- قادر، سەباح ڕەشید(٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵاتو بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

١٥- قادر، سەباح ڕەشیدو ئەحمەد، بروا ڕەسول(٢٠٢١)، فەرهەنگی ئاوەزی(عەقلّی)و ئەو بوارانەی شیکردنەوە لە بارەیەوە دەکەن، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی(٨)، ژمارە(٣)، ل ٢١٥-٢٢٩.
١٦- محمد، حاتم وليا(٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم.
١٧- محەمەد، حاتەم وليا(٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
١٨- موسى، عبدالوهاب خالد(2007)، هێزوئاوازە لە دیالێکتی ژووروودا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.
١٩- مەحموود، ئاڤێستا کەمال(٢٠١٦)، فەرهەنگی زمانییو پەنابەرێتی زمانیی، گۆڤاریی زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٥٠)، ل ٢٧-٤٤.
٢٠- مەحویی، محەمەد (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
٢١- مەحویی، محەمەد (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆک_وابەستە، زانکۆی سلێمانی.
٢٢- مەحویی، محەمەد (٢٠٠٨)، فۆنەتیکو فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی.
٢٣- مەحویی، محەمەد (٢٠١٦-ا)، بەستانداردکردنی زمانی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.
٢٤- مەحویی، محەمەد(٢٠١٦-ب)، فەرهەنگو ڕێزمان لە لێکۆڵینەوەی ویژەوانییدا، گۆڤاریی زانکۆی سلێمانی_بەشی B، ژمارە (٥٠)، ل ٩١-١٠٦.
٢٥- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٢٦- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگو سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
٢٧- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٤)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگو سینتاکسی کوردیی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٢٨- والی، هەژار حسێن(٢٠٢٣)، پارامێتەر لە سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٢٩- والی، هەژار حسێنو مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٤)، پرۆژە سینتاکسییەکان پەیوەست بەجێکەوتەوە(پرۆژەی فرێزی ئاوەڵناویو ئاوەڵکرداری بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (٢٨)، ژمارە(٥)، ل ١٦٠-١٨٢.
٣٠- یونس، سەمیرە توفیق(٢٠١٣)، سینتاکسی وشە لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٣١- ئیبراهیم، هاوسەر نەوزاد فەقێ(٢٠١٤)، مۆرفۆپراگماتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣٢- ئەحمەد، تریفە عومەرو سەعید، سازان زاهیر(٢٠١٥)، مۆرفیمی هەڵگواستن پەیوەست بە پراگماتیکەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(٨)، ل ١٠٣-١١٧.
٣٣- ئەحمەد، نەرمین عومەر(٢٠١٠)، بەبەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣٤-غەریب، دڵشاد محەمەد(2019)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
٣٥-غەریب، دڵشاد محەمەد(٢٠٢٢)، مۆرفۆفۆنیمیی/ی/ لە زمانی کوردیی – دیالێکتی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، بەرگی(٧)، ژمارە(٤)، ل ل ٣٩-٥١.

**بە زمانی ئینگلیزیی**

36- Aitchison, J. (1987), Words in the Mind: An Introduction to the Mental Lexicon, Basil Blackwell, Cambridge.
37-Jarema, G. & Libben, G., (2007),The Mental Lexicon:Core Perspectives,first edition, Howard houes, Wagon Lane ,Bingley,UK.
38- Crystal, D.( 2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, sixth Edition.
39- Jackendoff, R. (2009), Foundlitions of Language. Oxford, University press.
40- Katamba, F. & Stonham, J. (2006), Morphology, second edition, Foris Publication, Holland.
41- Cook, V. J.& Newson, M. (2007), Chomsky's Universal Grammar, Third edition, Blackwell Publishing.
42- Cruse, A.(2006), A Glossary of Semantics and Pragmatics, Edinburgh University Press.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

43- Lieber, R. (2012), Introducing Morphology , 3rd printing, Cambridge Introducing to Language and Linguistics, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.5

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)